# ڕەنگکردنی قژ و مەترسی شێرپەنجە

چەند ساڵێکە چەندین توێژینەوەی جیاواز لەمەڕ مەترسی بۆیاخکردنی قژی سەرەوە ئەنجامدراوە . لە ساڵی 1975 دا (Alltesdan Ames) توێژینەوەیەکی گرنیان لەمەڕ ئەم گیروگرفتە ئەنجامدا . لەو توێژینەوەیەدا هەندێك بنەمای زانستییانە لەو توێژینەوەیەدا دەرنەکەوتبوو کە قژ بۆیاخکردنی مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجە زێد دەکات .
پاشتر ساڵی 1979 باسێکی دی لە مەڕ هەمان گیروگرفت ئەنجامدرا . بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجە هەیە ، لەوێدا ئاماژە کراوە کە لە 57٪ ی بەشدابووانی توێژینەوەکە پاش ڕەنگکردنی قژیان مەترسی تووشبوونیان بە (non-Hodking-lymphom) لێکراوە .



توێژیارانی ئەو باسە ئاماژەیانکرد کە هەرچەندە قژ ڕەنگکردن زیانی بۆ کۆمەڵ نییە بەلاّم لە دوارۆژدا نابێت لەمەترسی بۆیاخکردن بۆ سەرپیاو لە بیربکرێت .
لە گەڵ ئەوەشدا (International Agency for Research on Cancer) ڕایگەیاند کە :
ئەو سەرتاشانەی کە مامەڵە لە گەڵ ڕەنگکردن دا دەکەن جیاکراونەتەوە بۆ گرووپی (2A) بەلاّم ئەو کەسانەی کە خۆیان قژیان بۆیاخ دەکەن کراونەتە نێو گرووپی (3) وە .
بە پێی توێژیارانی ئەم بوارە وا باشترە کە ئەو کەسانەی قژیان ڕەنگ دەکەن لەو کەسانە جودا بکرێنەوە کە کارەکەیان بریتییە لە قژ بۆیاخکردن .

## سەرچاوە


1. Martin Tondal, Hårfärgning och risken för cancer, Läkartidningen , Nr 38, 2005, Vol 102, sidan. 2639.
2. Takkouche B, et al. Personal use of hair dyes and risk of cancer. A meta-analysis JAMA 2005;293:2516-25.